محەمەد ئەحمەد بۆ گوڵان:

# گۆڵبۆڵ يارييەكی خاوەن پێداويستيی تايبەتەكانە بۆيە دەخوازرێت بايەخێكی زۆری پێ بدرێت




دیمانە: كارزان كانەبی

**شاری سلێمانی لە مێژووی وەرزشی خۆی خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە لە یارییە جۆراوجۆرەکان، یاری گۆڵبۆڵیش یەکێکە لەم یاریيانەی کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و تەنیا بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتە، یانەی رۆژی شاری سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە خاوەن چەندین یاریی جۆراوجۆرە و خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بە ئەزموون و بە توانایە لە یارییەکان یەکێك لە یاریزانەکایش لە یاریی گۆڵبۆڵ محەمەد ئەحمەدە کە یەکێکیشە لە یاریزانە بەتواناکانی هەڵبژاردەی کوردستان لە پاڵەوانێتیی گۆڵبۆڵی نێودەوڵەتی هەولێر، توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان و بووە جێگای سەرنجی زۆربەی ئامادەبوونی یارییەکان و ڕاهێنەران، ناوبراو تەنیا بۆ هەڵبژاردەی کوردستان لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری سلێمانییە و ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە یاریی گۆڵبۆڵی تایبەت بە وەرزشکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکات، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***چۆن بوو یاریی گۆڵبۆڵت هەڵبژارد؟**

- من وەکو یاریزانێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت زۆر خولیام بۆ ئەم یارییە هەبوو دەمتوانی ئاست و ئەنجامی باش بەدەست بهێنم، بۆیە توانیم لەم یارییەدا سەرکەوتووبم.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت چەند یانەیەك هەیە لە شارەکانی کوردستان کە خۆی لە سێ یانە دەبینێتەوە، بەڵام ئەنجامدانی یارییە کەمە و ساڵانە یەك پاڵەوانێتیی دەکرێتەوە ئەوەش بۆ یاریزانان کەمەو نابێتە هۆکارێکی باش بۆ پێشکەوتنی ئاستی ئەم یارییە.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- زیاتر یانەکانی کوردستان هانبدرێت بۆ ئاشنا کردنیان بەم یارییە وکردنەوەی زیاتری پاڵەوانێتیی گۆڵبۆڵ بۆ یاریزانان و یانەکانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە ئاشنایەتی زیاتریان بۆ دروست بێت لەگەڵ ئەم یارییە.

***کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە؟**

- پێشتر کێشەی نەبوونی یاریگامان هەبوو ئێستاش وا هۆڵێکی شایستەمان بۆ دروست کراوە، سوپاسی بەرپرسان دەکەین، بەهیوای ئەوەین زیاتر گرنگی بە یاریزانانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی بدرێت.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە لە کوردستان گرنگی تەواوی پێ نادرێت؟**

-گرنگی پێ دراوە، بەڵام وەکو پێویست نییە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی کە ئەم یارییە بۆ یاریزانانی خاوەن پێداویستیی تایبەتە نەك بۆ هەموو یاریزانێك لەگەڵ ئەوەشدا یانەکان ژمارەیان زۆر نییە بۆیە زیاتر پێش ناکەوێت.

***تۆ قوتابی کۆلیژیت، ئایا وەرزش ڕێگە لە خوێندنت ناگرێت؟**

- هیچ کاتێکی وام لێ ناگرێ، چونکە من بەرنامەیەکی باشم داناوە بۆ کارەکانی خۆم وەرزش و خوێندنەکەی خۆشم ئەنجام دەدەم.

*** ساڵانە یەك تا دوو پاڵەوانێتیی دەکرێتەوە بۆ ئێوە ئایا ئەم ژمارەیە کەم نییە؟**

- ئەم ژمارەیە زۆر کەمە، بۆیە داوکارین پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی خۆمان زیاتر بەرز بکەینەوە و یاریزانی بەتوانا دروست بکەین و تیپی بەهێزتر دروست بکرێت و هەماهەنگی زیاتر بکرێت لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بۆ زیاتر خزمەت کردنی ئەم یارییە.

***داواکاریت چییە لە لایەنی پەیوەندیدار؟**

- پێویستە خزمەتی زیاتری وەرزشەکانی ئێمە بکەن وەکو تیپی گۆڵبۆڵ بۆ ئەوەی بتوانین لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە ئاستی ڕاستەقینەی خۆمان پێشکەش بکەین و ناوی کوردستانیش بەرز بکەینەوە لە ئاستی جیهان و پەیامی ئێمە ئەوەیە بۆ ئەوەی خزمەتی کوردستان بکەین.

*** وەکو یاریزانێك هیواو ئاواتت لەم یارییە چییە ؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانم لە پاڵەوانێتێکی نێودەوڵەتی ئاڵای کوردستان بەرزبکەمەوە بتوانم ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی جیهانیش بەدەست بهێنین بۆ کوردستان.

***وەکو وەرزشکارێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت خانەوادەکەت چۆن هاوکاریت دەکات؟**

- بە سوپاسەوە خانەوادەکەم هەمیشە هاوکار و پاڵپشتی منن لە وەرزشکارکردن و ئەوان هۆکارن بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی من وەکو یاریزانێك لە یاریی گۆڵبۆڵ.

*** هەست ناکرێ ئێوە بە مووچەیەکی کەم وەرزش دەکەن لە چاو یارییەکانی تر؟**

- ئێمە وەکو وەرزشکار مووچەیەکی کەممان هەیە کە زۆر کەمە مانگانە، بەڵام زیاتر خولیاکەی ئێمە بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی ئێمە بەردەوام بین لە ورەزش کردن.

*** پەیامت چییە وەکو خاوەن پێداویستییەکی تایبەت؟**

- دەمەوێ لەرێگای وەرزشکردنەوە بگەمە لوتکەی ئامانجەکانم و هیوای دوارۆژبم.

***زۆر جار گوێ بیستی ئەوە دەبین کە خاوەن پێداویستیی تایبەت بە چاوێکی تر سەیر دەکرێت لەلایەن کۆمەڵگا؟**

- ئێمەش بە شێکی گرنگی کۆمەڵگاین، بەڵام تاکو ئێستا من دووچاری ئەم گرفتە نەبوویمە بگرە زۆریش هاوکاری کراوم و ڕێزیان لێگرتووم.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

- بەهیوای ئەوەم ئێوە زیاتر خزمەتی وەرزشکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکەن و ئێوە ببنە مینبەرێکی گرنگ بۆ ناساندنی ئێمە بەهەموو لایەك.

# ژماره ٤ له یانەی ئینتەرمیلان رەش کرایەوە

رۆژنامەکانی ئیتالیا دوو پاتیان کردەوە یانەی ئینتەرمیلان بڕیاری داوە لە کۆتایی ئەم وەرزە ژمارە ٤ لەسەر دریسەکانی یانەکەی رەش بکاتەوە وەك ریزلینانیك بۆ یاریزانی ئەرژەنتینی خافێر زانیتی کە بڕیاری وازهێنانی یەکجارەکی داوە، رۆژنامەی کۆریری دیللو سپۆرت ئەم هەواڵەی پشتراستکردەوە و رایگەیاند یانەی ئینتەر میلان بەهیچ شێوەیەك رێگا بەهیچ یاریزانێك نادات دریسی ژمارە ٤ بپۆشێت لەدوای وازهێنانی یاریزان زانیتی.

زانیتی دوا یاری خۆی لە یاریگای جۆسێپی مبانزا (سان سیرۆ) ئەنجامدا کاتێك یانەکەی سەرکەوت بەسەر یانەی ناپۆلی بەئەنجامی (٤-١) گۆڵ و دواتر کەرنەڤالێکی ریزلێنانی بۆ ئەنجامدرا، زانیتی لە تەمەنی ١٩ ساڵی پەیوەندی بەیانەی ئینتەرەوە کردووە و زیاتر لە ٧٠٠ یاری لەگەڵ ئەم یانەیە ئەنجامداوە و لەکیشوەری ئەوروپا یاری بۆ هیچ یانەیەك نەکردووە تەنها بۆ یانەی ئینتەرمیلان نەبێت، شایانی باسە پێشتر یانەی ئینتەر میلان دریسی ژمارە ٣ی رەش کردەوە وەك رێزلێنان بۆ یاریزانی پێشوو فاکێتی.





# ئەرسین فینگەر
# گرنگی بە گرێبەستەکەی مۆناکۆ نادات

بەڕێوەبەری هونەری یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی ئەرسین فینگەری فەرەنسی دووپاتی کردەوە لای خۆیەوە گرنگی نادات بەو بۆندەی پێشکەشـــی کراوە لەلایەن یانەی مۆناکۆوە بۆ بەدەســـت هێنانی تواناکانی ناوبراو بۆ رابەرایەتی کردنی مۆناکۆ لەوەرزی داهاتوو...لەمبارەیەوە فینگەر لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا بۆ بی بی سی سپۆرت رایگەیاند ئەو بۆندەی مۆناکۆ پێشکەشی کردووە باشە، بەڵام لەلایەن خۆیەوە جێی بایەخ نیە وگرنگی پێ نادات.....ئەمەو بەپێی ئاژانســـەکانی هەواڵ مۆناکۆ بری ١٠ ملیۆن پاوەندی بۆ ماوەی ساڵێك پێشکەش بە راهێنەری ناوبراو کردوە کە بەگەورەترین کرێ دادەنرێت لەســـەر ئاستی جیهان بۆ راهێنەران، بەڵام فینگەر گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەرسناڵ بەکۆتا نەهاتووەو سوورە لەسەر ئەوەی کە لەئێستادا تەنها بیر لەتیپەکەی دەکاتەوە بۆ بەدەست هێنانی نازناوی زیاتر لەگەڵ یانەکەی شاری لەندەن . شایانی باسە یانەی مۆناکۆ بڕیاریدا دەستبەرداری تواناکانی راهێنـــەر ئیتالی کلاودیۆ رانییری بێت دوای ئەوەی توانی یانـــەی ناوبراو بگەیەنێتە پلەی دووەمی خولی فەرەنسا و لە وەرزی داهاتوو بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکات .



# راگەیاندنی پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو بەشدار نەبوونی چەند یاریزانێکی بەتوانا

راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا رۆی هۆدجسۆن پێکهاتەی هەڵبژاردەکەی بۆ بەشداریکردن لەجامی جیهانی ٢٠١٤ ی بەرازیل راگەیاند کەبڕیارە لە ١٢ حوزەیرانی داهاتوو یارییەکانی دەســـت پێبکات و تا ١٣ تەمووز بەردەوام دەبێت تیایدا دەســـت بەرداری ژمارەیەك لە ئەســـتێرەکانی بوو. ئەمەو بەپێی پێکهاتەکە یاریزانی یانەی چێلســـی ئاشلی کۆلی بانگهێشـــت نەکراوە، چونکە ناوبراو وازهێنانی خۆی لە یاری نێودەوڵەتی بەیەکجاری راگەیاند، هەروەها مایکل کاریکی یاریزانی مانشستەر یونایتدو تیۆ ووالکۆتی یاریزانی یانەی ئەرســـناڵ بەهۆی پێکانەوە لەم پێکهاتەیەی ئینگلتەرا دوورخرانەوە لەبەرامبەردا رۆی هۆدجســـۆن ســـێ یاریزانی تری لاوی بانگهێشت کرد کە بریتین لە یاریزانان رۆس بارکیلی تەمەن ٢٠ ساڵانی یانەی ئیڤەرتۆن و بەرگریکاری یانەی ساوسهامبتۆن لۆك شاوی تەمەن ١٨ ساڵان و یاریزانی باڵەکانی لیڤەرپۆل رەحیم ســـترلینگی تەمەن ١٩ ســـاڵان...هەروەها راهێنەری ئینگلتەرا متمانەی بە هەر سێ ئەستێرەی هەڵبژاردەکەی هەیە کە بریتین لە یاریزانان ســـتیڤن جیراردی یاریزان و کاپتنی یانەی لیڤەرپول و واین رۆنی هێرشـــبەری یانەی شەیتانە سوورەکان و فرانك لامپاردی یاریزانی ناوەراستی یانەی چێلسی....لای خۆیەوە راهێنەری ئینگلتەرا تیشـــکی خستە ســـەر بارودۆخی تیپەکەی و رایگەیاند ئەو گۆڕانکاریانە بەپێی بارودۆخی تیپەکە ئەنجام دراوە، چونکە کول وازهێنانی خۆی راگەیاندووە بۆیە لوك شـــاو بۆ پڕکرنەوەی شـــوێنی بانگهێشـــت کراوە، هەروەها مایکل کاریك یاریزانێکی بەتوانایە، بەڵام نەیتوانیوە شوێنی خۆی لەپێکهاتەی ئینگلتەرا بکاتەوە...سەبارەت بە هەر سێ یاریزان واین رۆنی و لامپاردو جیرارد راهێنەری ئینگلتەرا روونیکردەوە هەرچەندە لامپارد تەمەنی گەورەیە، بەڵام یاریزانێکی دروستکەری بەتوانایە و دەتوانێت رۆڵی خۆی بەشێوەیەکی ئەرینی لەناو یاریگا بگێڕیت، بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین کە پێویستمان بەیاریزانێکی لەم چەشنە هەیە.



# سلێمانی بەهیواوە دەچێتە نێو کێبڕکییەکانی گەیشتن بە خولی نایاب

بەمەبەستی بەهێزکردنی تیپی تۆپی پێی خولی عێراقی و ئامادەکاریی باشـــتر بۆ سەرکەوتن بۆ یارییەکانی خولی نایابی عێراقی و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە، تیپی تۆپی پێی خولی عێراقی یانەی وەرزشی سلێمانی دەستی بە ئامادەکارییەکی چڕ و پـــڕ کردووە بۆ ئەوەی یەکێك لە پلێتەکانی خولەکە دەستەبەر بکەن، ڕۆژانەش لەسەر یاریگای تایبەت بە یانەی سلێمانی لەسەردەستی ڕاهێنەری عێراقی حەمید سەلمان یانەی سلێمانی مەشقەکانی دەست پێکردووە، لە بارەی ئامادەکارییەکانیش ســـەلاح مەحەمەد کەریم جێگری ســـەرۆکی یانەی وەرزشـــی ســـلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتـــی» ئێمە ڕۆژانە ئامادەکارییەکانمان چڕکردۆتەوە بەمەبەستی سەرکەوتن بۆخولی نایابی عێراقی هـــەر چەندە ئەم وەرزە پارەیەکی باشـــمان تەرخان کردوە بۆ هێنانی ژمارەیەك لە یاریزانانی بیانی و ناوخۆیی و ژمارەیەك یاریزانانی کوردی خۆمان، بڕیاریشمانداوە بەردەوامبین لە ئەنجامدانی کەمپی مەشـــقی یاریی دۆســـتانە، گوتیشـــی هیچ کێشـــەو گرفتێکمان نییە لە تیپـــی ســـلێمانی و هەوڵی خۆمانـــداوە بۆ بەدەســـت هێنانی ئەنجامی شایستە.



## کچانی زێڕەڤانـــی و

# یانەی دهۆک قەرزاری یاریزانانی یانەکەیەتی

دوای ئەوەی یانەی دهۆک لــە میانی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی لە حەوت یاریی ڕابردوو نەیتوانیوە تامی هیچ ســەرکەوتنێك بکات و ئەنجامەکانی ئەم دواییە کە زۆر خراپە هاندەرانی تورە کردووە لە هەمان کاتیشــدا تیپی دهۆك گرێبەســت و مووچەی یاریزانانی تیپەکەی نەداوە، لەلایەن خۆشیەوە سائیرجەسام ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەوەی ئاشکراکرد کە دواکەوتنی مووچە و گرێبەســتی یاریزانان هۆکار بوونە بۆ شکستی یانەکەیان و یاریزانان لە کەشــێکی ئارام یارییان نەکــردووە بە هۆی وەرنەگرتنی پارەکانیان، لەم بارەشــەوە دکتۆر محەمەدسەعید جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ڕاســتە کێشــەی داراییمان هەیە لە یانەی دهۆك، ئێســتاش لە زۆربەی یانەکانی کوردســتان قەیرانی دارایی سەری هەڵداوە بەهۆی کێشەکانی ئەم دواییەی قەیرانی بودجەی نێوان هەرێمی کوردســتان و حکومەتی عێراقی، ئێمە لە ئێستادا نە مووچەی یاریزانان و نە بەشی دووەمی گرێبەستی یاریزانانمان نەداوە ئەوانیش داوای مافی سروشتی خۆیان دەکەن کە مافێکی خۆیانە دەبێ ئێمە بۆیان دابین بکەین، تاکو ئێســتا نەمانتوانیوە بۆیان دابین بکەین و بە چەندین شوێنیمان گوتووە بەڵام قەیرانەکە سەرتاســەرییە، هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆ سەرخســتنی یانەکەمان بۆ ڕێڕەوی خۆیی و چارەســەر کردنی گرفتە داراییەکان، هەوڵیش دەدەین ئاستی تیپەکەمان بەرزتر بکەینەوە بەسەر ئەو کێشانە زاڵبین کە دووچارمان هاتوونە.

## سەردار ساڵح خۆی یەک لایی نەکردۆتەوە

دوای ئەوەی ئەم وەرزە ســەردار ساڵح توانی پلەی سێ یەمی خولی نایابی یانەکانی کوردســتانی بەدەست بهێنێت و ئەم وەرزە یانەی ســلێمانی بە چەند ئەگەرێــك تێپەڕی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانان و ڕاهێنەری سلێمانی ئومێدی زۆریان هەبوو بۆ ئــەوەی بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەســت بهێنن بەهۆی ئەم ئەنجامە باشانە ڕاهێنەری تیپەکە گرێبەســتی پێشکەش کراوە، سەردار ساڵحی ڕاهێنەری تیپەکــەش ڕۆڵی خۆی هەبوو لەبەدەســت هێنانی ئەم ئەنجامە بۆ یانەی ســلێمانی، بەڵام تاکو ئێستا چارەنووسی ئەم ڕاهێنەرە لەگەڵ یانەی ســلێمانی یەك لایی نەبۆتەوە بۆ وەرزی داهاتوو یانەی ســلێمانی لەگەڵی بەردەوام دەبێت یاخود دەچێتە تیپێکی تر، لەم بارەشەوە سەردار ساڵح بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:» تاکو ئێســتا یانەی سلێمانی لەگەڵم دانەنیشتوون بۆئەوەی بەفەرمی قســە لەسەر نوێ کردنەوەی گرێبەســتەکەم بکەم، منیش وەکو ڕاهێنەر هیچ نازانم، لەهەمان کاتیشــدا دەســتەی کارگێڕیی یانەکەش بەم ئەنجامە ڕازی بووینە، لە بارەی پەیوەندی کردنی بە یانەی ترەوە ســەردار گوتی: تاکو ئێســتا هیچ بڕیارێکی کۆتایم نەداوە لەســەر ئەوەی کە لەگەڵ سلێمانی بەردەوام دەبم یاخــود ریزی یانەکە بەجێدەهێڵم، بەڵام گرێبەســتم پێشــکەش کراوە لە چەند یانەیەکی شــاری ســلێمانی، بــەڵام بڕیــاری کۆتایی خۆم نەداوە، ئێستاش خەریکــی کاری ڕاهێنەریم لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی کوردســتان بــۆ پاڵەوانێتیی نەرویج بۆ ئەوەی بەتەواوی هەموو توانــای خۆم بخەمــە ســەر ئەم خولە و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم ئەوکاتیش بڕ یــا ر ی کۆتایی خۆم دەدەم.



## ئافرەتانی هەولێر سەرکەوتن بۆ خولی نایابی فوتساڵی عێراقی

لەشاری هەولێر بە سەرپەرشــتی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی عێراقی و بەبەشــداریی هەریەك لە یانەکانی (زێرەڤانی وئافرەتانی هەولێرو ئەلقوش و قەرەقوش و فەتاتی موســڵ) یارییەکانی ســەرکەوتن بۆخولی نایابی فوتساڵی یانەکانی عێراقی بۆماوەی ٢رۆژ لە هۆڵی شــەهید فرەنسۆ هەریری بەڕێوەچوو، لــە ماوەی دوو رۆژی ڕابردووشــدا یاریزانانی تیپەکانی بەشــدار لە خولەکــە ململانێــی بەهێزیان دەکرد بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانیتییەکە و دووپلێتی ســەرکەوتن بۆخولی نایابی فوتساڵی یانەکانی عێراقــی، هەریەك لــە یانەکانی زێرەڤانی شــاری دهۆك وئافرەتانی هەولێر توانیان ئاســتێکی بەرز پێشکەش بکەن و بە سەرکەوتنی یەك لەدوای یەك توانیان دوو پلێتی گەیشتن بە خولی نایابی یانەکانی عێراقی دەستەبەر بکەن، هەردوو تیپیش شان بە شانی شــەش تیپی شاری بەغدا لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان لە خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی عێراقی بەشداری دەکەن.